زیانەکانی گۆرانیو مۆسیقا
لەژێر ڕۆشنایی
قورئانو سوننەتو وتەی زانایاندا

ئامادەکردنی

م. أبوبكر أحمد

چاپی یەکەم: ١٤٣١ك - ٢٠١٠ز

ناوی پەرتووک

زیانەکانی گۆرانی و مۆسیقا
لەژێر ڕۆشنایی
قورئان و سوننەت و وتەی زانایاندا

ئامادە کردنی

مامۆستا : أبوبكر أحمد

چاپی یەکەم: ١٤٣٢ك – ٢٠١١ ز

ژمارەی سپاردن(   )

مافی چاپکردن و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە

پێشەکی

إِنَّ الْحَمْدَ لِلَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَسَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾﴾ [آل عمران] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾﴾ [النساء] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ﴿٧٠﴾﴾ [الأحزاب] .

أَمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللَّهِ، وَأَحْسَنَ الْهَدْىِ هَدْىُ مُحَمَّدٍ (ﷺ)، وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّارِ.

خەڵکی موسڵمان ژیانێکی بەئابڕو و سەربەرزو شەریفانە لەژێر

سـێبەری ئـەم ئـاینی ئیـسلامەدا دەژیـن و شـیرنی ئیمـان و حەوانەوەو ئارامگرتن بەدەست دەهێنن ، لە گـەڵ دڵخۆشـی و شادمانی، و چەژتنی خواپەرستی و عیبادەت .

وە ئەم ئاینە مرۆڤەكان پاك دەكاتەوە لە هەموو دیاردەیـەكی شیركو كوفرو تاوان و بیدعەو بۆچوونە داهێنراوەكان ...

بـەڵام ئـەوەی كـە جێـی داخـەو مرۆڤـی موسـڵمان غـەمبارو پـەرۆش دەكـات ، ئەوەیـە كـە هەنـدێك لـە خـەڵكی بـەڵكو موسڵمانان ! ئەویش لە ڕێی تێركردنی هەواو ئارەزووەكانیان - بە شوێن بەختەوەری و خۆشیدا دەگەڕێن - بـە گـوێگرتن لـە گۆرانی و مۆسـیقا، تـاكو وای لێهـاتووە بـووە بـە پیـشەیەكی سەرەكی و خەڵكی خافڵاندووەو سەرقاڵیانی كردووە .

بۆیـە دەبیـنین زۆرێـك لـە خـەڵكی خویـان داوەتـە گـۆرانی و مۆسیقا، بەڵكو دەڵێن دڵ و دەروونی مرۆڤ ئارام دەكات و دەی حەسـێنێتەوەو هەسـت دە جوڵێنێـت و نەخۆشـی خـەمۆكی لادەبات و هتد، بێگومان ئەمەش ڕاسـت نییـە، چـونكە خـوای پـەروەردگار لـە قورئانـە پیرۆزەكەیـدا ڕوونـی كردووەتـەوە

کەقورئان گەورەترین نیعمەتی خوایە بەخشیویەتی بەمرۆڤ ، وە ئارامیو ئاسودەیی دونیاوقیامەتی بۆ دێنێ، دەفەرموویت:

﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَطۡمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكۡرِ ٱللَّهِۗ أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ ٢٨ ﴾ [الرعد] .

واتە : ئەوانەی باوەڕیان هێناوە دڵو دەروونیان ئارام دەبێت بە قورئانو پەیامەکەی پەروەردگار، کە وایە ئاگاداربن دڵەکان تەنها بەقورئانو یادی پەروەردگار ئارام دەگرن .

بۆیە لێرەوە دەڵێم ئەی موسڵمانی خۆشەویست : هەرکەسێك گومانو دوو دڵی هەیە لە حەرامی گۆرانیو مۆسیقا، ئەوا با گومانەکەی لابداتو فەرمایشتەکەی خوای پەروەردگار وەربگرێتو دوودڵی نەمێنێت، لە حەرامێتیدا، چونکە بەدڵنیایی ئایەتی قورئانو فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) زۆر هاتووە لەسەر حەرامیو گوێگرتن لێی، بەڵکو بەو پەڕی دڵنیاییەوە دەڵێم هەڕەشەی توند کراوە لەو کەسانەی کە بەحەڵاڵی دەزانن، جا موسڵمانی یەك خواناسو شوێن کەوتەی قورئانو سوننەت تەنها یەك بەڵگەی لە قورئانو

سوننەت بەسە بۆ ئەوەی بزانێت كە حەرامە، وە با هەموومان ئەوەمان بیر نەچێت كە پـەروەردگار فەرموویـەتی: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا ﴿٣٦﴾﴾[الأحزاب].

واتە : بۆ هیچ پیاو ئافرەتێكی موسـڵمان نییـە، كاتێـك خـواو پێغەمبەرەكەی (ﷺ) بڕیاری شتێك بدەن، ئەوان سـەر پـشك بـن لـە ئەنجامـدانی ئـەو كـارەدا، چـونكە بەڕاسـتی ئـەوەی سەرپێچی بكات لە فەرمانی خواو پێغەمبەرەكەی (ﷺ)، ئەوا گومڕاو سەر لێشێواوی ئاشكرا خۆیەتی .

لێرەوە بـا هـەموومان پێكـەوە بـزانین ترسـناكی و زیانـەكانی گۆرانی و مۆسیقا چییە لە ژێر ڕۆشنایی (قورئان و سوننەت و وتەی زانایاندا).

وە داواكارم لە خوای پەروەردگار ئەم كـارەم لـیٚ وەربگرێـت، هـەروەها سـودی هـەبێت بـۆ موسـڵمانان و تێكـڕای خـەڵكی، چـونكە خـۆی شـاهیدە كـەمن تـەنها مەبەسـتم لـەم باسـەدا خزمەت كردنی ئاینەكەیەتی .

باوەڕداری خۆشەویست:

زۆرینـەی گـۆرانی ئـەم ڕۆژگـارە كـە لـە شـایی و بۆنـەو یادەكانـدا دەوترێت، وە لە ئێزگەو كەناڵەكاندا دەبینرێـت و دەبیـسترێت بـاس باسی خۆشەویـستی و دڵداریـە، وە باسـی مـاچ و بەیـەك گەیـشتنە، هەروەها باسی ڕوومەت و شان و باڵ و ... هتـد، وە تێكـەڵ بـوونی كوڕو كچە، كە ئەوانیش هۆكارن بۆ پاڵنـانی گـەنجان بـەرەو زینـاو داوێن پیسی و بەد ڕەوشتی، وە بێگومان گۆرانی بێـژان، ئەوانـەی كە ماڵ و سامانی خەڵكی دەدزن بەناوی هونەرو شـانۆو...هتـد، وە خۆیان دەگەیەننە دەرەوەی وڵات و بەو پارەیە كۆشـك و سـەیارەی پێ دەكڕن و خەڵكی لە ڕەوشت و یاسای ئیـسلام دوور دەخەنـەوە، بۆیە دەبینین زۆر جـار گـەنجی دامـاو سـەرگەردان دەبێـت بـەهۆی گۆرانی و مۆسـیقاوە (وَلا حَـوْلَ وَلا قُـوَّةَ إِلاّ بِاَللَّـهِ)، وە منـیش بـە پێویـستم زانـی كـە كورتـە باسـێك لەسـەر زیانـەكانی گـۆرانی و مۆسیقای ئەم سەردەمە باس بكەم، كـە زاناكـان لـە كتێبەكانیانـدا باسیان كردووە .

باوەڕداری خۆشەویست:

پێویستە هەموو لایەکمان ئەوە بزانین کە خـوای پـەروەردگار هیچ شتێکی حـەرام نـەکردووە، مەگـەر لەبـەر زەرەرو زیـان و ترسناکی ئەو شتە نەبێت، وە گۆرانیو مۆسیقا بۆیـە حەرامـە چونکە زەرەرو زیانی زۆرە، بۆیە زانایانی پێشین و شـارەزایان لـە ئـاینی پـیرۆزی ئیـسلام باسـی ترسـناکیو زەرەرو زیـانی گۆرانیو مۆسیقایان بـۆ کـردووین، ئێمـەش بـۆ تـۆی بـەڕێزی دەگێڕینەوە:

(١) خوای گەورە حەرامیکردووە کە دەفەرموویێت:

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشْتَرِى لَهْوَ ٱلْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًا ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿٦﴾ ﴾[لقمان] .

هاوەڵی خۆشەویست **عەبدوڵڵای کـوڕی مەسـعود**(خـوای لێ ڕازی بێـت) پرسیاریان لێ کـرد دەربـارەی ﴿ لَهْوَ ٱلْحَدِيثِ ﴾ ئـەویش لـە وەڵامدا فەرمووی: سوێند بەو خوایەی تاکو تەنهایە، مەبەست گۆرانییە، وە سێ جار ئەمەی دووبارە کردەوە[١] .

(١) بڕوانە: تەفسیری (اِبْن كَثِير)[٦/٣٣٠] وە (الطَّبَرِيّ)[٢٠/١٢٧] وە(الْقُرْطُبِيّ)[١٤/٥٢].

پێشەوا ابنُ كثير (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) **فەرموویەتی: دوای ئەوەی کە خوای گەورە باسی حاڵی بەختەوەرانمان بۆ دەکات (لە ئایەتی ١ تاکو ٥)، کە ڕێنمونی کراون بە قورئان و سوودو کەڵکیان لێ بینیوە، لەپاشاندا باسی حاڵی بەد بەخت و بەد چارەکانمان بۆ دەکات، ئەوانیش ئەوانەن کە پشتیان کردووە لە وتەی خوای گەورەو سودی لێ نابینن، وە ڕوویان کردووە لە گوێگرتن لە گۆرانیو ئاوازو ئامێرەکانی مۆسیقا، وە خویان پێوەگرتووە**[٢] .

---

(٢) ئایەتی تر زۆرە لەسەر حەرامی گۆرانی و مۆسیقا بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها یەك ئایەت دەهێنینەوە، وە بێگومان مرۆڤی ژیر تەنها یەك بەڵگەی بەسە.

(٢) پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەرامیکردووەو فەرموویەتی :

(لَيَكُونَنَّ مِنْ أُمَّتِي أَقْوَامٌ يَسْتَحِلُّونَ الْحِرَ وَالْحَرِيرَ وَالْخَمْرَ وَالْمَعَازِفَ)(٣)

واتە: لە ئوممەتی مندا کەسانێك پەیدا دەبن داوێن پیسیو ئاوریشمو ئارەقو مەیو سازو زوڕناو مۆسیقا بە حەڵاڵ دەزانن و حەڵاڵی دەکەن .

هەروەها سەبارەت بە **گۆرانی**، هاوەڵی خۆشەویست موعاویە (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: (أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) نَهَى عَنِ النَّوْحِ ... وَالْغِنَاءِ)(٤) .

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری کردووە کە لەسەر مردوو شیوەن بکرێت ... هەروەها گۆرانیش بووترێت یاخود گوێی لێ بگیرێت .

---

(٣) **صحيحٌ** : رواه البخاري معلقا بصيغة الجزم و أبو داود و الإسماعيلي و وصله ابن حبان والطبراني وابن عساكر و البيهقي، وصححه ابن حبان و الإسماعيلي وابن الصلاح والنووي وابن تيمية وابن القيم وابن كثير والحافظ ابن حجر، رحمهم الله تعالى أجمعين، و صححه الإمام الألباني في: السلسلة الصحيحة:(٩١)، بەهەمان شێوە فەرموودەکان زۆرن لەسەر حەرامی گۆرانی و مۆسیقا بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها ئەم فارموودەیە دەهێنینەوە .

(٤) **صحيحٌ**: رَواهُ الطبراني وأبو يعلى وصححه الشيخ الألباني في صحيح الجامع [٦٩١٤] .

(٣) ئەوەی گۆرانی دەڵێت نەزان و نەفامە :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (نُهِيتُ عَنْ صَوْتَيْنِ أَحْمَقَيْنِ فَاجِرَيْنِ، وفي رواية " مَلْعُونَانِ " صَوْتٌ عِنْدَ نَغْمَة لَهْوٌ وَلَعِبٌ وَمَزَامِيرُ شَيْطَانٍ، وَصَوْتٌ عِنْدَ مُصِيبَةٍ لَطْمُ وُجُوهٍ وَشَقّ جُيُوب)(٥) .

واتە : ڕێگریم لێ كراوە لە دوو دەنگی گەوج و نەزان و خراپ، لە ڕیوایەتێكی تردا " نەفرەت لێ كراوە " دەنگێك لەگەڵ ئاوازو مۆسیقاو زوڕنا لە كاتی خۆشیدا، وە دەنگێك لە كاتی دڵتەنگی و بەڵاو موسیبەتدا بەلێدان و ڕنینی دەموچاو و یەخە دارِنین .

---

(٥) **صحيحٌ:** رَوَاهُ الترمذيّ وصححه الشيخ الألباني في صحيح الجامع [٥١٩٤].

(٤) گۆرانی وتن و گوێگرتن لێی هۆکارە بۆ لەناو چوونی خەڵکی:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: **(فِي هَذِهِ الأُمَّةِ خَسْفٌ وَمَسْخٌ وَقَذْفٌ)** فَقَالَ: رَجُلٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ يَا رَسُولَ اللَّهِ! وَمَتَى ذَاكَ؟ قَالَ: **(إِذَا ظَهَرَتِ الْقَيْنَاتُ وَالْمَعَازِفُ وَشُرِبَتِ الْخُمُورُ)**[٦].

واتە: لەئوممەتی من دا ئەمانە ڕوو دەدەن: ڕۆچوون بەناخی زەویدا، وە گۆڕینی شێوازی مرۆڤەکان **(بوون بە مەیمون و بەراز)** وە بەرد باران، پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەی ئەمە ڕوو دەدات؟

فەرمووی: کاتێك کە ژنی گۆرانی بێژو مۆسیقاو دەهۆڵ زۆڕنا دەرکەوتن، وە بە ئاشکرا لەبەر چاوی خەڵك بەبێ ترسی تۆڵە مەی و ئارەق خورایەوە .

(٦) **صحيحٌ:** رَوَاهُ الترمذيّ وصححه الشيخ الألباني في صحيح الجامع [٤٢٧٣] .

(٥) گۆرانی ئاوازی شەیتانە :

جارێکیان لە ڕۆژی جەژندا ئەبو بەکر (خوای لێ ڕازی بێت) چوو بۆ ماڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوو کەنیزەك گۆرانیان دەوت لای عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) ئەبو بەکر (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: (أَمَزَامِيرُ الشَّيْطَانِ فِي بَيْتِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ))(٧) .

واتە : ئەوە زوورناو ئاوازی شەیتان لە ماڵی پێغەمبەری خوادا (ﷺ)، لێ دەدرێت؟! فەرمووی: « دَعْهُمَا يَا أَبَا بَكْرٍ فَإِنَّهَا أَيَّامُ عِيدٍ – وَفِي رِوَايَة – لَيْسَتَا بِمُغَنِّيَتَيْنِ » .

واتە: وازیان لێ بهێنە ئەی ئەبو بەکر چونکە ڕۆژانی جەژنە – لە گۆیەکی تردا ئەوان گۆرانی بێژ نین، بەڵکو یاری دەکەن(٨) .

---

(٧) رواهُ البُخاريّ [٩٥٢] ومُسلم [٢٠٩٨].

(٨) بڕوانە: إغاثة اللهفان لإبن القيم [٢٥٧/١]، وە تحريم آلات الطرب للشيخ الألباني [١١٤].

سودێك/ ابن القيم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموویت: ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر حەرامێتی گۆرانی و ئاوازو هتد، چونکە أبوبکر (خوای لێ ڕازی بێت) ناوی لێ نا بەمزماری شەیتان، وە پێغەمبەر (ﷺ) نکۆڵی نەکرد لە لەسەر ئەو ناوە، جا ئەگەر بهاتایەو ئەو وتەیەی أبوبکر (خوای لێ ڕازی بێت) هەڵە بوایە، ئەوا بێگومان پێغەمبەری خوا (ﷺ) نکۆڵی لێدەکرد، وەکو چۆن هەر کردارو گوفتارێکی باش هەبوایە فەرمانی پێدەکرد.

(٦) گۆرانی دووڕوویی لەدڵدا دەڕوێنێت :

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی:

(الْغِنَاءُ يُنْبِتُ النِّفَاقَ فِي الْقَلْبِ) [٩] .

واتە : گۆرانی تۆوی دووڕووی لە ناو دڵدا دەڕوێنێت .

(٧) شەیتان حەزی لە گۆرانییە :

جارێکیان عومەری کوڕی خەطاب (خوای لێ ڕازی بێت) بەلای کیژۆڵەیەکی بچوکدا تێپەڕی گۆرانی دەووت: عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: (لَوْ تَرَكَ الشَّيْطَانُ أَحَدًا لَتَرَكَ هَذِهِ) [١٠].

واتە : ئەگەر شەیتان وازی لە کەسێك بهێنایە، ئەوا لەم کیژۆڵەیە دوور دەکەوتەوەو وازی لێ دەهێنا .

---

(٩) بڕوانە: إغاثة اللهفان لإبن القيم[١/٢٥٠]، وە تحريم آلات الطرب للشيخ الألباني[١٤٥] .

(١٠) أخرجه البيهقي في شعب الإيمان [٥١٠٢]، وابنُ الجوزي في تلبيس إبليس [ص ٢٠٩].

(٨) گۆرانی هۆکارە بۆ تووڕە بوونی خوای گەورە :

پێشەوا ضحاك (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی:

(الْغِنَاء مَسْخَطَةٌ لِلرَّبِّ)(١١) .

واتە : گۆرانی هۆکارە بۆ تووڕەبوونی خوای گەورە، وە هەرکەسێکیش خوای گەورە لێی تووڕەببێت، ئەوا بەدبەختو چارەڕەش دەبێت .

(٩) گۆرانی هۆکاری پیس بوون و خرا پبوونی دڵە :

پێشەوا ضحاك (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی:

(الْغِنَاء مَفْسَدَةٌ لِلْقَلْبِ)(١٢) .

واتە : گۆرانی هۆکارە بۆ پیس بوون و خراپ بوونی دڵ و دەروون .

وە بێگومان هەر کەسێکیش دڵی خراپ بێت، ئەوا دووڕوویی لەو دڵەدا گەشە دەکات .

(١١) أخرجه ابن أبي الدنيا في ذم الملاهي [ص ٦٠].

(١٢) أخرجه ابن أبي الدنيا في ذم الملاهي [ص ٦٠].

(١٠) گۆرانی پاڵنەرە بۆ داوێن پیسی:

پێشەوا فضیلی کوڕی عیاض (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (الْغِنَاءُ رُقْيَةُ الزِّنَا)[١٣] .

واتە : گۆرانی گەیەنەرو بەرەو پێش چوونی داوێن پیسییە (واتایەکی تر: گۆرانی ڕاکێشەرەو هۆکارە بۆ نزیك کەوتنە لە داوێن پیسی).

هەروەها پێشەوا ابن تيمية (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (الْغِنَاءُ فَإِنَّمَا نُهِيَ عَنْهُ لأَنَّهُ قَدْ يَدْعُو إلَى الزِّنَا)[١٤] .

واتە : بۆیە ڕێگری لە گۆرانی کراوە چونکە زۆر جار دەبێتە هۆکارو بانگەشەو ڕێخۆشکەر بۆ داوێن پیسی .

(١٣) بڕوانە: ذم الملاهي [ص ٥٥] وە مجموع الفتاوى لشيخ الإسلام ابن تيمية[٣١٣/١٥].

(١٤) بڕوانە: مجموع الفتاوى لشيخ الإسلام ابن تيمية [٥٥٢/٢٩] .

(١١) گۆرانی وەکو شەراب مرۆڤەکان سەر خۆش دەکات :

پێشەوا ابن تیمیة (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی:

(الْمَعَازِفُ هِيَ خَمْرُ النُّفُوسِ تَفْعَلُ بِالنُّفُوسِ أَعْظَمَ مِمَّا تَفْعَلُ حُمَيَّا الْكُؤُوسِ فَإِذَا سَكِرُوا بِالْأَصْوَاتِ حَلَّ فِيهِمْ الشِّرْكُ)[١٥].

واتە : گۆرانی شەرابی نەفسە، وە ئەوەی گۆرانی بەنەفسی دەکات لەوە گەورەترە کە گەرمی کاسەکان بەنەفسی دەکەن، چونکە هەرکات نەفسی مرۆڤ بەدەنگ سەر خۆش ببێت، ئەوا توشی شیرك دەبێت .

(١٢) گۆرانی شەرم و حەیا کەم دەکاتەوە :

پێشەوا یەزیدی کوڕی وەلید (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی:

(إِيَّاكُمْ وَالْغِنَاءَ ، ... فَإِنَّهُ يُنْقِصُ الحَيَاءَ)[١٦] .

واتـە : ئاگادارتان دەکەمەوە بەوەی خۆتان بپارێزن لە گۆرانی... چونکە شەرم و حەیا کەم دەکاتەوەو نای هێڵێت .

(١٥) بڕوانە: مجموع الفتاوى لشيخ الإسلام ابن تيمية [١٥/٣١٣] .

(١٦) أخرجه البيهقي و ابن أبي الدنيا، وابن القيم في إغاثة اللهفان[١/٢٤٥].

(١٣) گۆرانی هەواو ئارەزوی جنسی زیاد دەکات:

پێشەوا یەزیدی کوڕی وەلید (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) **فەرموویەتی:**

(إيَّاكُمْ وَالْغِنَاء، ... فَإِنَّهُ يَزِيْدُ فِي الشَّهْوَة)[١٧] .

واتە: ئاگادارتان دەکەمەوە بەوەی خۆتان بپارێزن لە گۆرانی، چونکە هەواو ئارەزوی جنسی زیاد دەکات .

(١٤) گۆرانی چاکەو پیاوەتی ناهێڵێت:

پێشەوا یەزیدی کوڕی وەلید (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) **فەرموویەتی:**

(إيَّاكُمْ وَالْغِنَاء، ... فَإِنَّهُ يَهدِمُ الْمُرُوْءة)[١٨] .

واتە: ئاگادارتان دەکەمەوە بەوەی خۆتان بپارێزن لە گۆرانی، چونکە چاکەو پیاوەتی ناهێڵێت .

---

(١٧) أخرجه البيهقي و ابن أبي الدنيا، وابن القيم في إغاثة اللهفان[١/٢٤٥].

(١٨) أخرجه البيهقي و ابن أبي الدنيا، وابن القيم في إغاثة اللهفان[١/٢٤٥].

(١٥) گۆرانی مرۆڤ لە میان ڕەویی دوور دەخاتەوە:

پێشەوا ابنُ الجوزی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی:

(أَنَّ الْغِنَاءَ يُخْرِجُ الإِنسان عَنْ الإعْتِدَال وَيُغيِّر الْعَقْل، وَبَيَـــان هَذَا أَنَّ الإِنْسَانَ إِذَا طَرِبَ فَعَلَ مَا يَسْتَقْبِحُهُ فِي حَالِ صمته مِنْ غيره، مِنْ تَحْرِيك رَأْسه وَتَصْفِيق يَدَيْه وَدَقِّ الْأَرْض بِرِجْلَيْه إِلَى غَيْر ذَلِكَ)[١٩] .

واتە: بەڕاستی گۆرانی مرۆڤ لە میان ڕەوی دوور دەخاتەوەو بیرو هۆشی دەگۆڕێت، وە ڕوونکردنەوەش بۆئەمە، ئەوەیە کاتێك مرۆڤ گۆرانی دەلێت ڕەفتاری ناشیرن ئەنجام دەدات لەکاتی گۆرانی ووتن کە لە کاتی بێدەنگیدا لە جگەلە خۆی بیبینێت بە ناشرینی دەزانێت، لە سەر جولاندن و چەپلە لێدان و پێ دان بە زەویداو جگە لەوانیش .

(١٩) بڕوانە: تلبيس إبليس لإبن الجوزي [ص ٢٠٩].

(١٦) گۆرانی شەیتان بەکاری دەهێنێت بۆ گومڕاکردنی خەڵکی :

پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ وَٱسۡتَفۡزِزۡ مَنِ ٱسۡتَطَعۡتَ مِنۡهُم بِصَوۡتِكَ ﴾

واتە : ئەی شەیتان هەرکەس لەوانە کە دەتوانیت بەدەنگی خۆت وە بە گۆرانیەکانت هانیان بدە، وە زۆرینەی زانایانی تەفسیر دەفەرموون: مەبەست گۆرانیی و زوڕناو مۆسیقایە[٢٠]، ئینجا خوای گەورە دەفەرمووێت: شەیتان ووتی:

﴿ لَأَحۡتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلٗا ٦٢ ﴾ [الإسراء].

واتە : بەڕاستی زاڵ دەبم بەسەر نەوەکانی ئادەمدا بەوەی کە گومڕایان دەکەم، مەگەر کەمێك لەوان نەتوانم گومڕایان بکەم (**ئەوانیش بەندە صاڵحەکانن**)، وە ئەم کەمەش ئەوەیە کە لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە فەرموویەتی: شەیتان وتی:

﴿ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغۡوِيَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ ٨٢ ﴾ [ص].

واتە : سوێند بە عیزەتی تۆ ئەی پەروەردگار ئەبێت هەموویان گومڕابکەم، وە خوای گەورە ڕوونی کردۆتەوە کە

(٢٠) بڕوانە: تەفسیری(الْقُرْطُبِيّ)[١٠/١٩] و (اِبْن كَثِير)[٦/٣٣٠] و(الطَّبَرِيّ)[٢٠/١٢٧].

شـــەیتان زاڵ دەبێـــت بەســـەریاندا، ﴿ وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُۥ فَٱتَّبَعُوهُ إِلَّا فَرِيقًا مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٠﴾ ﴾ [سبأ].

واتــه: بەڕاسـتی شـەیتان گومـانی خـۆی لەوانـەدا بـەدیهێنا، هەموویان شوێنی کەوتن، جگەلە کۆمەڵێك لە بـاوەڕداران، وە بەدڵنیایی زۆرێك لەخەڵکی ئەم سەردەمە کەوتوونەتە ناو ئـەو ڕێگەیەوەو هەستیش بەخۆیان ناکەن .

(١٧) خوای گەورە زەمی ئەوانەی کردووە کە گۆرانی دەڵێن :

خـــــوای گــــــەورە دەفــــــەرموویت: ﴿ أَفَمِنْ هَٰذَا ٱلْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ ﴿٥٩﴾ وَتَضْحَكُونَ وَلَا تَبْكُونَ ﴿٦٠﴾ وَأَنتُمْ سَٰمِدُونَ ﴿٦١﴾ ﴾ [النجم] .

پێشەوا **طەبــەری** (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) فەرموویەتی: خـوای گـەورە بـاس لـە هاوبـەش بڕیـاردەرانی قـوڕەیش دەکـاتو دەفەرموویت: ئایا ئێوە بەم قورئانە سەرسام دەبنو سـەرتان سـوڕ دەمێنێـت، کـە دابـەزیووە بـۆ موحەممـەد (ﷺ) وە پێدەکـەننو گاڵتـەی پـێ دەکـەن، وە نـاگرین بـەوەی کـە پـەیمانو بـەڵێن دراوە بەسـزاو ئەشـکەنجەی تاوانبـارانو سەرپێچی کەران، وە ئێوەش سەرپێچی کەرن، وەبێ ئاگـانو خۆتان سەرقاڵی ڕابواردنو بێ هۆشی کردووەو گۆرانی دەڵێن . جا ئەگەر گـۆرانی حەڵاڵـە ئـیتر بۆچـی خـوای گـەورە زەمو سەر زەنشتیان دەکات ! ! !

(١٨) هەرکەسێك خو بە گۆرانییەوە بگرێت، ئەوا شایەتی لێ وەرناگیرێت و ڕەت دەکرێتەوە:

پێشەوای پایەبەرز ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (إنَّ الْغِنَاءَ لَهْوٌ مَكْرُوهٌ يُشْبِهُ الْبَاطِلَ وَالْمُحَالَ، مَنْ اسْتَكْثَرَ مِنْهُ فَهُوَ سَفِيهٌ تُرَدُّ شَهَادَتُهُ)(٢١) .

واتە: گۆرانی بێ هودەو ناپەسەندە، هاوشێوەی ناڕەوایی و ساختەییە، وە هەرکەسێك زیادەڕەوی تێدا بکات و خووی پێوە بگرێت، ئەوا گەمژەیەو شایەتی دانی ڕەت دەکرێتەوەو لێی وەرناگیرێت .

---

(٢١) بڕوانە: پەرتوکی الأم[٦/٢٠٩] وە إغاثة اللهفان[١/٢٢١]وە تلبيس إبليس [ص ٢٠٥].

(١٩) هەرکەسێك خو بە گۆرانییەوە بگرێت خرا پەکارە:

پێشەوای پایەبەرز ئیمامی مالیك (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (إِنَّمَا يَفْعَلُهُ عِنْدَنَا الْفُسَّاقُ)(٢٢) .

واتە: لای ئێمە تەنها خراپەکاران خەریکی ئەو کارەن

پێشەوا ابنُ القيم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی:

(وَلا يَنْبَغي لِمَنْ شَمَّ رَائحَةَ الْعِلْمِ أَنْ يَتوَقَّفَ فِي تَحْرِيمِ ذَلِكَ، وَأَقَلُّ مَا فِيهِ أَنَّهُ مِنْ شِعَارِ الْفُسَّاقِ وَشَارِبِي الْخُمُورِ)(٢٣).

واتە: شیاو نییە بۆ هیچ کەسێکی شارەزاو ژیربێت و بوەستێت لەسەر ئەوەی کە گۆرانی حەرام نییە، بەڵکو بەلایەنی کەمەوە ئەوە بزانرێت کە دروشمی خراپەکاران و ئارەق خۆرانە .

---

(٢٢) بڕوانە: تەفسیری الْقُرْطُبِيِّ[١٤/٥٥] ومجموع الفتاوى لشيخ الإسلام ابن تيمية[٢٠/٣٢٦] وە إغاثة اللهفان لابن القيم [١/٢٢٧]، وە تلبيس إبليس لابن الجوزي [ص ٢٠٥] .

(٢٣) بڕوانە: إغاثة اللهفان لابن القيم الجوزية [١/٢٢٨] .

(٢٠) خۆشەویستی قورئان و گۆرانی لەدڵێکدا کۆ نابێتەوە:

چونکە دژی یەکن بۆیە پێشەوا ابنُ القیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی:

حُبُّ الْكِتَابِ وَحُبُّ أَلْحَــانِ الْغِنَا ‌ ‌ ‌ ‌ فِي قَلْبِ عَبْدٍ لَيْسَ يَجْتَمِعَانِ
والله ما سَلِم الذي هــو دأبهُ أَبَدًا ‌ ‌ ‌ ‌ مِن الإِشْـــــرَاكِ بِالرَّحْمَنِ
فَإِذَا تَعَلَّقَ بِالسَّمَاعِ أَصَارَهُ عَبْدًا ‌ ‌ ‌ ‌ لِكُــلِّ فُــلانَةٍ وَفُــلانِ (٢٤).

واتە: خۆشەویستی قورئان و خۆشەویستی ئاوازو گۆرانی هەرگیز لە دڵی بەندەیەکدا کۆ نابنەوە .

سوێند بە خوا سەلامەت نابێت ئەوەی پیشەی ئەمەیە لە هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای میهرەبان .

ئەگەر پابەند بوو بە گوێگرتنەوە، ئەی کاتە بەندی خەڵکانی بێ نرخ لە فلان و فلان .

بەدڵنیاییی هەرگیز نابینیت قورئان و گۆرانی لە دڵێکدا کۆ ببێتەوە، بۆیە ئەوانەی کە گۆرانیان لا خۆشەویستە قورئانیان خۆش ناوێت، (وە بێگومان ئەگەر کەسێك قورئانی خۆش

---

(٢٤) بڕوانە: القصيدة النونية لابن القيم الجوزية فصل في سماع أهل الجنة[ص ٢٣٥].

بوێت، ئەوا سەرقاڵی خوێندن‌و لەبەر کردن‌و تێگەیشتن‌و کار پێکردنی دەبێت، وە ئەوەی گۆرانی خۆش بوێت ئەوا بەهەمان شێوە سەرقاڵی ئاوازدانان‌و گۆرانی وتن‌و هونەرو ... هتد دەبێت)، چونکە دژایەتی لە نێوانیاندا هەیە، بەوەی کە قورئان پاکو بێگەردەو وتەی خوای پەروەردگارەو حەقـە، وە ڕێگری دەکات لە شوێن کەوتنی هەواو ئارەزوو، وە فەرمان دەکات بە داوێن پاکی‌و ڕەوشتی بەرزو جوان...هتد، بەڵام گۆرانی ووتەی شەیتانەو ناحەق‌و ناپەسەندەو فەرمان دەکات بە هەموو کارێکی ناپەسەندو خراپ‌و لادان لە ڕێگەی ڕاست .

(٢١) گۆرانی وتن و گوێگرتن لێی هۆکارە بۆ کۆتایی هاتنی تەمەن بەخراپە :

پێشەوا ابنُ القیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی:

بــرِئْنَا إِلَى اللهِ منْ معْشَــرٍ ... هِـــمْ مَرَضٌ منْ سَمَـــــاعِ الغنَا
وكم قلْتُ يَا قَوْمُ، أَنْتُمْ عَلَى ... شَفَا جُرُفٍ مَا بِه منْ بنَا شَـــفَا
جُــــرُفٍ تحْــــتَهُ هُــوَّة ... إِلَى دَرَك، كـــــم به منْ عَــنا
وتَكْرَارُ النُّصْحِ منـــَّا لهــم ... لنُعْـــــــذرَ فِيهِــمْ إِلَى ربَّــنا
فَلـــمَّا استَّهانُـــــوا بِتَنْبِيهنَا ... رَجَـــعْنَا إِلَى اللهِ فِى أَمْـــرِنَا
فعِشْنَا عَلَى سُنَّة الْمُصْـطَفَى ... وَمَاتـــــوُا عَلَى تِنْتِنَا تِنْتِنا [٢٥].

واتە : بەرین لەلای خوا لە خەڵکانێك کە نەخۆشی گوێگرتنی گۆرانیان هەیە، چەندە وتم ئەی قەوم ئێوە لەسەر لێواری کەندەلانێکی فشەڵۆ ڕوخاوو بێ بینا دەژین، لێواری کەندەلانێکی فشەڵۆ ڕوخاو لەژێر زەوییەکی قوڵدا، تاکو ژێری ژێرەوە چەند ڕەنجی بۆ دەداو ماندو دەبوو، زۆر زۆر ئامۆژگاریمان دەکرد بۆ ئەوەی بیان و مان هەبێت لەلای خوا

---

(٢٥) بڕوانە: إغاثة اللهفان من مصائد الشيطان لابن القيم في [١/٢٢٦] .

بۆیان جا كاتێك بـە ئامۆژگارییـەكانمان سـوكایەتیان دەكـرد، دەگەڕاینــەوە بــۆلای خــوا لــە كارەكانمــان ئێمــەش لەســەر ســوننەتی هەڵبــژێردراوین (كــە پێغەمبــەرە (ﷺ) ئــەوانیش مردن و لەسەر گۆرانی و مۆسیقاو ... هتد.

بێگومان ئادەمیزاد لە ژیانی دونیاد بە هەرشـتێكەوە سـەرقاڵ بێت هەر لەسەر ئەوەش دەمرێت، وە بـەدڵنیایی لەسـەر هـەر شتێكیش بمریت، ئەوا لەسەر ئـەوە زینـدو دەكرێیتـەوە، جـا ئایا كەس هەیە بڵێت مـن حـەز دەكـەم لەسـەر گـۆرانی وتـن و گوێگرتن لە گۆرانی زینـدوو ببمـەوە، بێگومـان نـەخێر، بۆیـە لێرەوە دەڵـێم خـۆش بـەختی بـۆ ئـەو كەسـانەیە كـە لەسـەر قورئان خوێندن و بەندایەتی كردن بۆ خـوای گـەورە دەمـرن و كۆتایی تەمەنیان بە كـارو كـردەوەی چـاك كۆتـایی دێـت، وە بەدبەختیش بۆ ئەو كەسانەیە كـە لەسـەر گـۆرانی و مۆسـیقاو ... هتد دەمرن .

حوکمی گۆرانی ئەم سەردەمە لەلای زانایان:

پرسیار کرا لە زاناو پێشەوا شێخ ابن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) **دەربارەی حوکمی گۆرانی؟ ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی:**

الاستماع إلى الأغاني لا شك في حرمته وما ذاك إلا لأنه يجر إلى معاص كثيرة وإلى فتن متعددة، ويجر إلى العشق والوقوع في الزنا والفواحش واللواط ويجر إلى معاص أخرى كشرب المسكرات ولعب القمار وصحبة الأشرار، وربما أوقع في الشرك والكفر بالله على حسب أحوال الغناء واختلاف أنواعه، والله جل وعلا يقول في كتابه العظيم ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ۝٦ وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ءَايَٰتُنَا وَلَّىٰ مُسۡتَكۡبِرٗا كَأَن لَّمۡ يَسۡمَعۡهَا كَأَنَّ فِيٓ أُذُنَيۡهِ وَقۡرٗاۖ فَبَشِّرۡهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ۝٧﴾ [لقمان] فأخبر سبحانه أن بعض الناس يشتري لهو الحديث ليضل عن سبيل الله قرئ لِيُضل بضم الياء وقرئ لِيَضِل بفتح الياء مع كسر الضاد فيهما، واللام للتعليل والمعنى أنه بتعاطيه واستعاضته لهو الحديث وهو الغناء يجره ذلك إلى أن يضل في نفسه ويضل غيره، يضل بسبب ما يقع في قلبه من القسوة

والمرض فيضل عن الحق لتساهله بمعاصي الله ومباشرته لها، وتركه بعض ما أوجب الله عليه مثل ترك الصلاة في الجماعة وترك بر الوالدين ومثل لعب القمار والميل إلى الزنا والفواحش واللواط إلى غير ذلك مما قد يقع بسبب الأغاني .

قال أكثر المفسرين: (معنى لهو الحديث في الآية الغناء) وقال جماعة آخرون: (كل صوت منكر من أصوات الملاهي فهو داخل في ذلك كالمزمار والربابة والعود والكمان وأشباه ذلك وهذا كله يصد عن سبيل الله ويسبب الضلال والإضلال) .

وثبت عن عبد الله بن مسعود رضي الله عنه الصحابي الجليل أحد علماء الصحابة رضي الله عنهم أنه قال في تفسير الآية (إنه والله الغناء وقال إنه ينبت النفاق في القلب كما ينبت الماء البقل) والآية تدل على هذا المعنى فإن الله قال : ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ٦ ﴾ يعني : يعمي عليه الطريق كالسكران ؛ لأن الغناء يسكر القلوب ويوقع في الهوى والباطل فيعمى عن الصواب إذا اعتاد ذلك حتى يقع في الباطل من غير شعور بسبب شغله بالغناء

وامتلاء قلبه به وميله إلى الباطل وإلا عشق فلانة وفلان وإلى صحبة فلانة وفلان ، وصداقة فلانة وفلان ﴿وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًا﴾ معناه : هو اتخاذ سبيل الله هزوا ، وسبيل الله هي دينه ، والسبيل تذكر وتؤنث فالغناء واللهو يفضي إلى اتخاذ طريق الله لهوا ولعبا وعدم المبالاة في ذلك وإذا تلي عليه القرآن تولى واستكبر وثقل عليه سماعه لأنه اعتاد سماع الغناء وآلات الملاهي فيثقل عليه سماع القرآن ولا يستريح لسماعه وهذا من العقوبات العاجلة .

فالواجب على المؤمن أن يحذر ذلك وهكذا على كل مؤمنة الحذر من ذلك ، وجاء في المعنى أحاديث كثيرة كلها تدل على تحريم الغناء وآلات اللهو والطرب وأنها وسيلة إلى شر كثير وعواقب وخيمة وقد بسط العلامة ابن القيم رحمه الله في كتابه [إغاثة اللهفان] الكلام في حكم الأغاني وآلات اللهو فمن أراد المزيد من الفائدة فليراجعه فهو مفيد جدا والله المستعان وصلى الله وسلم على نبينا محمد وآله وصحبه(٢٦) .

---

(٢٦) بڕوانە: مجموع فتاوى ابن باز (رحمه الله) [١٥٣/٢١] .

واتە: گوێگرتن لە گۆرانی هیچ گومانێکی تێدانییە کە حەرامە، چونکە گۆرانی مرۆڤەکان ڕادەکێشێت بۆ تاوان و سەرپێچی و فیتنە، وە ڕایان دەکێشێت بۆ عیشق و دڵداری و کەوتنە ناو داوێن پیسیەوە، هەروەها مرۆڤەکان ڕادەکێشێت بۆ تاوان و سەرپێچیەکی تر کە ئەویش خواردنەوەی سەر خۆش کەرەکان و قومارو هاوڕێیەتی بردارەی خراپ و شەڕانگێز، وە دەگونجێت مرۆڤەکان بخاتە ناو شیرك و هاوبەش بڕیاردانەوە، ئەویش بە گوێرەی خەڵکی کە جیاوازن تێیدا، وە خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشْتَرِي لَهْوَ ٱلْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًا ۚ أُولَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿٦﴾ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَٰتُنَا وَلَّىٰ مُسْتَكْبِرًا كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا كَأَنَّ فِيٓ أُذُنَيْهِ وَقْرًا ۖ فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٧﴾﴾ [لقمان].

پەروەردگار ئاگاداری کردووینەتەوە کە هەندێك لەخەڵکی ﴿لَهْوَ ٱلْحَدِيثِ﴾ دەکڕێت بۆ گومڕاکردنی خەڵکی لە ڕێگەی خوا، خوێندنەوەی ئەو ئایەتە بە (ضمة)ی سەر (الیاء)کە، هەروەها بە (فتحە) سەر

(الياء)کەو (کسر)ی (الـضاد)، وە (الـلام)ـەکەی بۆ تەعلیلە، واتەکەی ئەوەیە کە پێیان دەدات و سەرنجیانی بۆلا ڕادەکێشێت، وە ﴿لَهْوَ ٱلْحَدِيثِ﴾ گۆرانییە، چونکە ئەوەی گۆرانی دەڵێت گومڕایەو خەڵکی پێ ڕادەکێشێت و گومڕایان دەکات، گومڕایە بەوەی کە دڵی ڕەق و نەخۆشە، وە تاوان و سەرپێچی لا ئاسان بووە، وازی لە زۆرێك لە واجبەکان هێناوە، وەکو نەچوون بۆ نوێژی جەماعەت، وە چاك نەبوون لەگەڵ دایك و باوکیدا، هەروەها دەکەوێتە ناو یاری قومارو مەیل و حەزی داوێن پیسی و جگە لەوانە، ئەوانیش هەمووی بەهۆی گۆرانییەوەیە، بۆیە زۆرینەی زانایانی تەفسیر دەڵێن: ﴿لَهْوَ ٱلْحَدِيثِ﴾ واتای گۆرانییە، وە هەندێکی تریان دەڵێن: ﴿لَهْوَ ٱلْحَدِيثِ﴾ هەموو دەنگێکی ناپەسەند ئەم ئایەتە دەیگرێتەوە، وەکو شمشاڵ و زوڕنا و کەمان و هاوشێوەکانی خەڵکی لە ڕێگەی خوا لادەدات و گومڕایان دەکات، وە جێگیر بووەو چەسپاوە لە **عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود** (خوای لێ ڕازی بێت) کە یەکێکە لە هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە لە تەفسیری ئەو ئایەتدا فەرموویەتی: سوێند بە خوا

گۆرانییـە، (**گۆرانی دووڕوویی لەدڵدا دەڕوێنێت هەروەکو چۆن ئـاو گژو گیا دەڕوێنێـت**) وە ئایەتەکەش بەڵگەیە لەسـەر ئـەو واتایە، ﴿ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٍ ﴾ واتە: ڕێگەی لێ دەگوڕێت و لێـی ئـاڵۆز دەکـات وەکـو سـەر خـۆش، چـونکە گـۆرانی دڵ بـێ هـۆش دەکات و مرۆڤ دەخاتە ناو هەواو ئارەزوو شـتی بـێ کـەڵك و بـەتاڵ، وە ڕاستی و حەق دەشارێتەوە، ئەگەر کەسـێك پێـوەی ڕاهاتبێـت و خوی پێوەگرتبێت، تاکو دەکەوێتە ناو شتی نارەواو پـڕو پوچـەوە بەبێ ئەوەی کە هەست بە خـۆی بکـات، ئـەویش بـەهۆی سـەرقاڵ بوونی بە گۆرانی، وە دڵی پڕ دەبێـت لـە گـۆرانی و حـەزوو ئـارەزو کردن لێی، تاکو فلان کەس و فلانە کەس عاشـق بوونـە، وە فـلان و فلانـە کـەس بـوون بـە هـاوڕێ، ئینجـا ﴿ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًا ﴾ واتـە: ئەوکەسە ڕێگەی خوا بە گاڵتە دەزانێـت، تـاکو ئەگـەر ئایەتـەکانی قورئانی بەسەردا بخوێنرێتەوە، ئەوا خۆی بەگەورەدەزانێت و فیـزو تەکەبور دەیگرێت و قورسە لەسەری کـە گـوێی لێ بگرێـت، چـونکە ئەو بە گوێگرتن لـە گـۆرانی ڕاهـاتووە، بۆیـە ئـەویش یەکێکـە لـەو تۆڵەو سزایانە کە بەپەلە خاوەنەکەی دەچێژێت .

کەواتە : پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێکی باوەڕدار کە ئاگادار بێت و خۆی بپارێزێت لەگۆرانی و گوێگرتن لێی.

وە بەدڵنیایی فەرموودەی زۆری پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتووە کە بەڵگەن لەسەر حەرامی گۆرانی و گۆرانی بێژی، چونکە ڕێگەیە بۆ شەڕو خراپەکاری، وە ابن القیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بەفراوانی باسی حوکمی گۆرانی کردووە لە پەرتووکی (إغاثة اللهفان) جا هەر کەسێك ئارەزوی زیاتر تێگەیشتن دەکات ئەوا با بگەڕێتەوە سەری چونکە سودی زۆری تێدایە.

هەروەها شێخ ابن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) **دەربارەی مۆسیقا ووتویەتی :**

الموسيقى وغيرها من آلات اللهو كلها شر وبلاء ، ولكنها مما يزين الشيطان التلذذ به والدعوة إليه حتى يشغل النفوس عن الحق بالباطل ، وحتى يلهيها عما أحب الله إلى ما كره الله وحرم فالموسيقى والعود وسائر أنواع الملاهي كلها منكر ولا يجوز الاستماع إلا وقد صح عن رسول الله (ﷺ) أنه قال: « لَيَكُونَنَّ مِنْ أُمَّتِي أَقْوَامٌ يَسْتَحِلُّونَ

الْحِرَ وَالْحَرِيرَ وَالْخَمْرَ وَالْمَعَازِفَ » والحر هو: الفرج الحرام – يعني الزنا – والمعازف هي: الأغاني وآلات الطرب .

وأوصيك وغيرك من النساء والرجال بالإكثار من قراءة القرآن الكريم والاستماع لبرنامج [نور على الدرب]، ففيهما فوائد عظيمة وشغل شاغل عن سماع الأغاني وآلات الطرب، وفق الله الجميع لكل ما يحب ويرضى إنه سميع مجيب (٢٧).

واتە: مۆسیقاو هاوشێوەکانی و ئامێرە جۆراو جۆرەکانی هەمووی شەڕوو بەلایە، بەلام شەیتان دەی ڕازێنێتەوە بۆ ئەوەی بانگەشەی خەڵکی بۆ بکات و سەرقاڵیان بکات بە ناڕەواو ناحەق و ڕاستی و حەقیان لێ بشارێتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی بیان خافڵێنێت لەوانەی کە خوای گەورە پێی خۆشە بۆ ئەوانەی کە لای خوای گەورە ناپەسەندو نەویستراوە، بۆیە مۆسیقاو هەموو ئامێرە هاوشێوەکانی ناپەسەندو نەویستراوە لە شەرعی ئیسلامدا، وە بەهیچ شێوەیەك دروست نییە گوێی لێ بگیرێت، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

(٢٧) رَوَاهُ البُخَارِيّ [٥٥٩٠] .

« لَيَكُونَنَّ مِنْ أُمَّتِي أَقْوَامٌ يَسْتَحِلُّونَ الْحِرَ وَالْحَرِيـــرَ وَالْخَمْـــرَ وَالْمَعَازِفَ... » .

واتە : لە ئوممەتی مندا کەسانێك پەیدا دەبن داوێن پیسیو ئاوریشمو ئارەقو مەیو سازو زوڕناو مۆسیقا بە حەڵاڵ دەزانن و حەڵاڵی دەکەن .

جا ئامۆژگاری موسوڵمانان دەکەم (پیاوان و ئافرەتان) کە زۆر گوێ لە قورئانی پیرۆز بگرن، چونکە سودی زۆری هەیە و ئیتر هیچ کەسێك سەرقاڵی گۆرانیو مۆسیقا نابێت، خوای گەورە تەوفیقی هەموو لایەك بدات بۆ ئەوەی کە خۆی پێی خۆشە[٢٨] .

(٢٨) بڕوانە: مجموع فتاوى ابن باز (رحمه الله) [١٥٣/٢١] .

چارەسەر

لەوانەیە زۆرێك لە خەڵكی بڵێت چۆن دەتوانم واز لە گۆرانی و گوێگرتنی بهێنم، لەكاتێكدا من خوم پێوەگرتووەو چووەتە ناو دڵمەوە، منیش دەڵێم چەند ڕێگەیەك هەیە ئەگەر جێبەجێی بكەیت، ئەوا بەویستی خوای گەورە ڕزگارت دەبێت و دوور دەكەویتەوە لێی، ئەوانیش .

یەكەم: **تەوبەكردن**: بەوەی بگەڕێیتەوە بۆلای خوای گەورەو تەوبەیەكی نەصوح بكەیت: خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَا فَعَلُواْ فَٰحِشَةً أَوۡ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ ذَكَرُواْ ٱللَّهَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ لِذُنُوبِهِمۡ وَمَن يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ إِلَّا ٱللَّهُ وَلَمۡ يُصِرُّواْ عَلَىٰ مَا فَعَلُواْ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ١٣٥ ﴾[آل عمران].

واتە: ئەوانەش كە تاوان یان گوناهێك ئەنجام دەدەن، یاخود ستەم لە خۆیان دەكەن و دوایی بە خۆیاندا دەچنەوەو سزای خوا دێتەوە یادیان، ئەوسا داوای لێخۆشبوون دەكەن ، جا كێ هەیە كە لە گوناهان خۆش ببێت جگە لە خوا؟!

هەروەها لەسەر گوناهو تاوانیان بەردەوام نابن، لە کاتێکدا دەزانن ئەوە تاوانە.

دووەم: **دوعاو پاڕانەوە لە خوای گەورە**، پێویستە لە خوای گەورە بپاڕێیتەوە تاکو لەو بەڵایە بت پارێزێت، وە جارێکیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە موعاذی فەرموو: ئەی موعاذ سوێند بەخوا تۆم خۆش دەوێت، بۆیە هەمیشە لە دوای نوێژەکانت بڵێ: (**اللَّهُمَّ أَعِنِّى عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ**)[٢٩] .

واتە: ئەی خوایە یارمەتیم بدە لەسەر ئەوەی یادی تۆ بکەم و سوپاست بکەم و بەجوانی بت پەرستم.

بیر بکەرەوە بزانە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن ئامۆژگاری هاوەڵەکانی دەکات بەوەی کە داوای یارمەتی لە خوای گەورە بکەن بۆ جێ بەجێکردنی پەرستشەکانیان، چونکە ئەگەر مرۆڤ خوای گەورە یارمەتی نەدات ئەوا هیچی پێ ناکرێت .

(٢٩) **صحيحٌ:** رَوَاهُ أبوداود وصححه الشيخ الألباني في صحيح الجامع [٧٩٦٩] .

سێیەم: **دوور کەوتنەوە لەو کەسانەی کە گـۆرانی دەڵـێن و گوێ لێ دەگرن**، چـونکە لەگـەڵ هەرکەسـێکدا هـەڵس و کـەوت بکەیت و بیکەیت بە هـاوڕێ و دۆسـتی خـۆت، ئـەوا تـۆش وەك ئەو سەیر دەکرێیت، وە پـێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (الْمَرْءُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلْ)(٣٠) .

واتە : مرۆڤ لەسەر دینی خۆشەویست و هاوڕێکەیـەتی، جـا بـا هەریەك لە ئێوە بزانێت کێ دەکات بە هاوڕێ و هاوەڵی .

چوارەم: **لەناو بردنی هـەموو کاسـێتە گۆرانییـەکان**، یـان هەمووی بسڕەوەو قورئان و وتاری تێدا تۆمار بکە.

پێنجەم: **پەیوەست بون بـە زیکـرو یـادی خـوای گـەورەوە بەتایبەتی قورئان خوێندن**، چونکە خۆشەویـستی قورئـان و خۆشەویستی ئاوازو گۆرانی بە هیچ شـێوەیەك لـە دڵێکـدا کـۆ نابنەوە .

---

(٣٠) **صحيحٌ:** رَوَاهُ أحمد وصححه الشيخ الألباني في مشكاة المصابيح [٣/١٣٩٧] .

شەشەم: **بیرکردنەوە لەسەر ئەنجامی گوناهو تاوان و سەر پێچی و سزاو تۆڵەکەی**، چونکە هەر مرۆڤێکی ژیر ئەگەر بزانێت شتێك زیان و سزاو تۆڵەی هەیە، ئەوا خۆی لێ بەدوور دەگرێت.

حەوتەم: **باوەڕداری خۆشەویست: ئایا تۆ ئاسوودەی کە گوێ دەگریت لە گۆرانی**، بێگومان نەخێر، دەزانیت بۆ؟ چونکە تۆ باوەڕداریت، وە باوەڕدار هەرگیز بە تاوان و سەرپێچی ئاسوودە نابێت .

هەشتەم: **لەسەرەتاوە گران و قورسە**، بەلاّم پێویستە نەفسی خۆت بشکێنیت و ڕێگری لێ بکەیت، وە بیر لەو ئایەتەی خوای پەروەردگار بکەیتەوە کە دەفەرمووێت:

﴿وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٤١﴾﴾ [النازعات].

واتە: وە ئەو کەسەی کە ترسابێت لە گەورەیی پەروەردگاری و جڵەو گیری نەفسی خۆی کردبێت لە ئارەزووی خراپە، ئەوا بێگومان بەهەشت جێگایەتی .

جیاکردنەوەیەك لە گۆرانی:

هەردوو زانای پایەبەرز **ابن الجوزی و شێخی ئەلبانی**[٣١] (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) دەفەرموون: سرود بێ ئامێرەکانی مۆسیقا لە هەندێك کاتدا دروستە، بەڵام بە مەرجێك دووربێت لە تێکەڵ بوونی پیاوو ژن، وە مۆسیقاو زوڕناو شمشاڵی لەگەڵدا نەبێت، هەروەها زیادە مەسرەفی تێدا نەکرێت، وە نابێت مرۆڤ پێ یەوە سەرقاڵ بێت، وە نابێت وشەی ناشرین‌و بێ واتای تێدابێت، وە نابێت بەسەر ئافرەت‌و شان‌و باڵ‌و ... هتد بوترێت، **ئەو حاڵەتانەش بریتین لە:**

یەکەم: سرود وتن لە ڕۆژی جەژندا، ئەویش بەو مەرجانەی کە باسکران.

دووەم: سرود وتن لە کاتی ژن هێناندا، وە دەف لێدان کە ئەمیش تایبەتە بە جاریەو کەنیزەك.

سێیەم: سرود بۆ لێخوڕینی وشترو گورج کردنەوەی، وە ئەم جۆرە بەبێ جیاوازی لای زانایان دروستەو ڕێگە پێدراوە.

---

(٣١) بڕوانە: تلبيس إبليس[ص٢٧٥] وتحريم آلات الطرب للشيخ الألباني[ص١٢٩].

چوارەم: سرود بۆ حەسانەوەو نەمانی بیٚ تاقـەتی بوترێـت، وەك ئەوەی کە هاوەڵەکان لە غەزای خەندەق دەیان وت .

پێنجەم: سـرود کـاروانی حاجیـان لـەکاتی چـوون بـۆ حـەج دەیڵێن، ئەویش وەسـفی مەدینـەو مەککـەو کەعبـەو زەمـزەم دەکەن.

وە بـەدڵنیایی هـەموو ئەوانـەی کـە بـاس کـران بەڵگـەی صحیحیان لەسەرە .

دەگونجێت پرسیارێك بکرێت، ئایا سرودی ئیسلامی حوکمی چیە؟

ئێمەش بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەچینە خزمەت چـوار زانـاو پێشەوای ئەم سەردەمە ئەوانیش: (**شێخ الألباني و شـێخ ابـن باز و شێخ ابن عُثيمين و شێخ صالح الفـوزان**)، چـونکە ئـەوان لەم سەردەمەی ئێمەدا ئاگاداری سرودەکانن کە بەچ شێوازێك دەوترێن.

یەکەم: شێخی فەرموودەناسی هاوچەرخ و سەردەم: **محمد ناصردين الألباني** (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) .

س/ ما حكم الأناشيد (أو أناشيد دينية)؟

ج/ هذه الأناشيد تسمى اليوم بغير اسمها (أناشيد دينية)، بينما لا يوجد في الإسلام أناشيد دينية، لكن يوجد في الإسلام شعر بلا شك! يقول الرسول (ﷺ) في بعضه: (إِنَّ مِنْ الشِّعْرِ لَحِكْمَة)، أما أن نتغنى بأشعار ونسميها أناشيد، وأناشيد دينية، فهذا شيء لا يعرفه سلفنا الصالح إطلاقاً، وهذا في الواقع له علاقة بمبدأ كنا تحدثنا عنه قريباً في بعض جلساتنا هنا، وهو يتلخص باعتقاد ما يدندن حوله العلماء في مثل هذه المناسبة: وكل خير في اتباع من سلف، وكل شر في ابتداع من خلف، فلم يكن من عادة السلف أن ينشدوا أناشيد ويسموها دينية، ولا سيما إذا اقترن بها بعض الآلات الموسيقية كالدف، وأنكر من ذلك أن نأتي بأذكار يقترن بها بعض الآلات الموسيقية -أيضاً- ونسميها (ذكراً) وليس هو من الذكر الإسلامي في شيء .

خلاصة القول: ليس هناك أناشيد دينية، وإنما هناك أشعار لطيفة في معانيها، يجوز أن يتغنى بها إما انفراداً وإما في بعض الاجتماعات كالعرس، وكما جاء من حديث عائشة (رضي الله عنها) أنها أقبلت من

عرس للأنصار، فسألها الرسول: (من أين؟ قالت: من عرس للأنصار، قال (ﷺ) لها: هل غنيتم لهم؟ فإن الأنصار يحبون الغناء، قالت: ماذا نقول يا رسول الله؟ قال (ﷺ): أتيناكم أتيناكم فحيونا نحييكم ... ولولا الحنطة السمراء لم تسمن عذاراكم).

انظروا الشعر العربي النزيه، ليس فيه شيء من الكلام الذي لا يليق، فهو شعر، ولكن ليس شعراً دينياً، بل شعر ترويح عن النفس بكلام مباح(٣٢) .

پ/ حوکمی سرودی ئاینی چییە؟

و/ ئەم سرودانە کە ناو دەبرێن بە جگە لە ناوی خۆیان (سرودە ئاینیەکان)، لەکاتێکدا سرودی ئاینی لە ئیسلامدا نییە، بەڵام لە ئیسلامدا دروشم هەیە بەبێ گومان، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) واتە: بەڕاستی هەندێك شیعرو هۆنراوەی جوان و پەندو ئامۆژگاری تێدایە، جا ئەگەر گۆرانی بڵێین و ناوی لێ بنێین سرود یان سرودە ئاینیەکان، ئەوە شتێکە پێشینەکانمان نەیان بووە بەهیچ شێوەیەك، وە

(٣٢) بڕوانە: أسئلة الإمارات[ص١١]، و جاء في فتاوى المرأة المسلمة مختصراً [ص٥١٢] .

ئەمەش لە ڕاستیدا پەیوەندی هەیە بە بنەمایەکەوە کە پێشتر وتــو وێـژمان لەســەر کــردووە لــەم نزیکانــەدا، لەهەنـدێك لــە دانیشتنەکانماندا، وە ئەویش بـە پـوختی لـە بـڕوای زانایانـدا بەدەوری ئەم بۆنەو یادانـەدا، وە هــەموو خێـرو چـاکەیەك لـە شوێن کـەوتنی پێـشینانە، وە هــەموو خراپــەو زیـانێکیش لـە داهێنــانی پاشــینانداپە، بۆیــە لــە عــورفو عــادەتی پێــشین نــەبووە کــە ســرودبڵێن‌و نــاوی لێبنــێن ســرودە ئاینیــەکان، بەتایبــەتی ئەگــەر هەنــدیك لــە ئــامیرە مۆســیقاکانی پێــوە ببەسترێتەوە وەکو دەف، وە لەوەش ناپەسند تر ئەوەیە کـە زیکرەکـــان بێـــتو هەنـــدێك لـــە ئامێرەکانیـــشی پێـــوە ببەســترێتەوە، جــا نــاو بنرێــت: زیکــرو یــاد، ئەمــە بــەهیچ شێوەیەك لە زیکرو یادی ئیسلامی نییە .

پوختەی قسە: بەهیچ شێوەیەك سرودی ئیسلامی نیە، بەڵکو دروشمی جوان‌و باش هەیە لەواتادا، دروستە بوترێت، جـا بـە تــەنها بێــت یــان لــە هەنــدێك کۆبوونەوەکانــدا وەکــو ژن گواستنەوە، هەروەك چۆن لە فەرموودەکەی عائیـشە (خـوای لێ

ڕازی بێت) هـاتووه کـه کـچێکی ئەنـصاری شـوی کـرد، جـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی لـه کـوێ بـوو؟ عائیـشه فـەرمووی: لـه شـایی ئەنـصاریەکان بـووم، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمووی: ئایا گۆرانیتان بۆ ووت؟ چـونکه بـه ڕاسـتی ئەنـصاریەکان حـەزیان بەگۆرانیـه، عائیـشه فـەرمووی: چـی بلێین ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ فەرمووی: هاتینەوه لاتان هاتینەوه لاتان سلاومان لێ بکـەن و سلاوتان لێ دەکـەین، وه ئەگەر گەنمی بۆر نەبوایه کچانتان قەڵەو نەدەبوو[٣٣] .

جا سەیری شیعرو هۆنراوەی عەرەبی بکه بـه هـیچ شـێوەیەك وشـەی نابەپەسـەندو ناشـرینی تێـدا نییـه، ئـەوه شـیعرو هۆنراوەیه، بەڵام شیعرو هۆنراوەی ئاینی نییه، بەڵکو شـیعرو هۆنراوەی شاد کـردن و ئاسـودەیی نەفـسه بـه وشـەی شـیاوو ڕێگه پێدراو .

(٣٣) بێگومان ئەمەش تایبەته به کەنیزەك و کیژۆڵەی بچوکەوه که بۆ خۆیان دەیڵێن، وه ناش بێت له ناو پیاواندا بیڵێن و تێکەڵی یەکتری بن .

دووەم: شێخی فەرموودەناسی هاوچەرخ و سەردەم فەقیهـ: **عبد العزیز بن عبد الله بن باز** (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) .

س/ حكم استماع الأناشيد الإسلامية؟

ج/ الأناشيد تختلف فإذا كانت سليمة ليس فيها إلا الدعوة إلى الخير والتذكير بالخير وطاعة الله ورسوله والدعوة إلى حماية الأوطان من كيد الأعداء والاستعداد للأعداء، ونحو ذلك، فليس فيها شيء. أما إذا كان فيها غير ذلك من دعوة إلى المعاصي واختلاط النساء بالرجال أو تكشفهن عندهم أو أي فساد كان فلا يجوز استماعها(٣٤) .

پ/ حوکمی گوێگرتن لە سرودە ئیسلامیەکان؟

و/ سرودەکان جیاوازن، جا ئەگەر باش و واتا دار بێت، وە جگە لە بانگەواز بۆ خێرو بیر هێنانەوەو گوێڕایەڵی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی بێت، وە بانگەواز بێت بۆ پارێزگاری نیشتمان و وڵات لە فێڵی دوژمنان، وە خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەنگار بوونەوەی دوژمنان... هتد، ئەوا هیچی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر جگە لەمانەی تێدابوو بەوەی کە بانگەشە بۆ تاوان و خراپەکاری و تێکەڵاوی پیاوان و ئافرەتان، یان خۆدەرخستنی ئافرەت، یان هەر خراپەکارییەك، ئەوا دروست نیە گوێگرتن لێی.

---

(٣٤) بڕوانە: مجموع فتاوى العلامة عبد العزيز بن باز رحمه الله[٣/٤٣٧] .

سێیەم: شـێخی ئوصـوڵی و فـەقیهی هاوچـەرخ و سـەردەم: **محمد بن صالح العثيمين** (ڕەحمەتی خوای لێ بێت).

س/ ما رأيكم في الأناشيد الإسلامية؟

ج/ أرى الأناشيد الإسلامية تغيرت عن مجراها سابقاً، كانت بأصواتٍ غير فاتنة، لكنها صارت الآن بأصواتٍ فاتنة، وأيضاً فخمت على أنغام الأناشيد الخبيثة الفاسدة، وقالوا: إنها تصحبها الدف، وهذا كله يقتضي أن الإنسان ينبغي أن يبتعد عنها، لكن لو جاءنا إنسان ينشد أناشيد لها هدف وليس فيها شيءٌ من سفاسف الأمور وبصوته وحده بدون آلات لهو، هذا لا بأس به وقد كان حسان بن ثابت ينشد الشعر في مسجد النبي ﷺ(٣٥).

پ/ ئایا ڕاو بۆچوونی ئێوە لەسەر سرودە ئیسلامیەكان چی یە؟

و/ من وا دەبینم كە سرودە ئیسلامیەكان گۆڕاون لە گەڵ ئەوانی پێشوو، جاران بەدەنگی گومڕایی و سەر گەردانی نەبوو، بەڵام ئێستا بە دەنگی گومڕایی و سەرگەردانییە،

(٣٥) بڕوانە: الأجوبَةُ المُفيدَة عَنْ أَسئِلَةِ المَناهِجِ الجَديدَة [ص١٠].

هەروەها گەورە کراوەتەوەو لەسەر گۆرانی سرودەکان کە پیس و خراپن، وە وتراوە دەفی لەگەڵدایە، وە ئەمەش هەمووی ئەوە دەگرێتەوە کە مرۆڤ خۆی لێ بەدوور بگرێت، بەڵام ئەگەر مرۆڤێك سرود بڵێت و ئامانجێکی هەبێت، وە هیچ شتێکی خراپی تێدا نەبێت و بەدەنگ و بەبێ ئامێرەکانی گۆرانی، ئەوا هیچی تێدا نییەو دروستە، وە حەسانی کوڕی ثابت (خوای لێ ڕازی بێت) شیعرو هۆنراوەی وتووە لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

هەروەها لە فەتوایەکی تردا کە پرسیاری لێ دەکەن بەم شێوەیە :

س/ هل يجوز للرجال الإنشاد الإسلامي ؟ وهل يجوز مع الإنشاد الضرب بالدف لهم ؟ وهل الإنشاد جائز في غير الأعياد والأفراح ؟

ج / الإنشاد الإسلامي إنشاد مبتدع، يشبه ما ابتدعته الصوفية، ولهذا ينبغي العدول عنه إلى مواعظ القرآن والسنة، اللهم إلا أن يكون في مواطن الحرب لِيُستعان به على الإقدام، والجهاد في سبيل الله تعالى، فهذا حسن، وإذا اجتمع معه الدُّف كان أبعد عن الصواب[٣٦] .

---

(٣٦) بڕوانە: فتاوى أركان الإسلام والعقيدة [ص٣٦٤- سؤال ٣٦٩].

پ/ ئایا دروستە بۆ پیاوان سرودی ئیسلامی بڵێن؟ وە ئایا دروستە لەگەڵ سرود لێ دانی دەف؟ وە ئایا دروستە سرود جگە لە جەژن و بۆنەكاندا؟

و/ سرودی ئیسلامی سرودێكی داهێنراوو بیدعەیە، خۆ چواندنە بە داهێنراوەكانی دەروێشەوە، جا لەبەر ئەمە پێویستە وازی لێ بهێنرێت و دور كەوتنەوە لێی، گەڕانەوە بۆ ئامۆژگاریەكانی قورئان و سوننەت، مەگەر تەنها سرود لە كاتی جەنگ پشتی پێ ببەسترێت ئەویش بۆ بەرەو پێش چوون، وە خەبات كردن لە پێناوی خوای پەروەردگاردا، ئەمەیان چاكەو هیچی تێدا نییە، وە ئەگەر سرود دەفی لەگەڵ بوو، ئەوا دوورە لە پێكان و ڕاستی .

چوارەم: زاناو فەقیهی هاوچەرخ و سەردەم شێخ : **صالح بن فوزان الفوزان** (خوای گەورە بیپارێزێت) .

س/ مـا حكـم التـسمية بــ (الأناشـيد الإسـلامية أو أناشـيد دينية)؟

ج / ما كثُر تداوله بين الشباب المتدينين من أشــرطة مــسجل عليها أناشيد، بأصوات جماعية يسموها (الأناشيد الإســلامية) وهي نوع من الأغاني، وربما تكون بأصوات فاتنة، وتبــاع في معارض التسجيلات مع أشرطة تــسجيل القــرآن الكــريم، والمحاضرات الدينية، وتسمية هذه الأناشــيد بأهــا (أناشــيد إسلامية) تسمية خاطئة؛ لأن الإسلام لم يشرع، لنا الأناشــيد، وإنما شرع لنا ذكر الله، وتلاوة القرآن، وتعلّم العلم النافع، أما الأناشيد فهي من دين الصوفية المبتدعة، الذين اتخذوا دينهم لهواً ولعباً، واتخاذ الأناشيد من الدين فيه تشبه بالنصارى، الــذين جعلوا دينهم بالترانيم الجماعية والنغمات المطربة، فالواجــب الحذر من هذه الأناشيد، ومنع بيعها وتداولها، علاوة على ما قد تشتمل عليه هذه الأناشيد من تهييج الفتنة بالحماس المتــهور، والتحريش بين المسلمين.وقد يستدل من يروج هذه الأناشيد:

بأن النبي (ﷺ) كانت تُنشد عنده الأشعار، ويـــستمع إليهـــا، ويقرها، والجواب عن ذلك: أن الأشعار التي كانت تُنشد عند رسول الله (ﷺ) ليست تُنشد بأصوات جماعية علـــى شـــكل أغاني، ولا تُسمى (أناشيد إسلامية)، وإنما هي أشعار عربيـــة، تشتمل على الحِكَم، والأمثال، ووصف الـــشجاعة والكـــرم، وكان الصحابة ينشدونها أفرادًا لأجل ما فيها من هذه المعـــاني، ويُنشدون بعض الأشعار وقت العمل المتعب كالبناء، والسير في الليل في السفر، فيدل هذا على إباحة هذا النوع من إنشاد في مثل هذه الحالات خاصة، لا على أن يُتخذ فنًا من فنون التربية والدعوة، كما هو الواقع الآن؛ حيث يُلقّـــن الطـــلاب هـــذه الأناشيد، ويُقال عنها: (أناشيد إسلامية)، أو (أناشيد دينية)، وهذا ابتداع في الدين، وهو من دين الصوفية المبتدعة؛ فهـــم الذين عُرف عنهم اتخاذ الأناشيد دينًا، فالواجب التنبيه لهـــذه الدسائس، ومنع بيع هذه الأشرطة؛ لأن الشر يبدأ يـــسيراً، ثم يتطوّر ويكثر إذا لم يبادر بإزالته عند حدوثه[٣٧] .

---

(٣٧) بڕوانه: الأجوبَةُ المُفيدَة عَنْ أَسئلَةِ المَناهجِ الجَديدَة [س٢/ ص٢٢].

پ/ ئایا حوکمی ناونان بـ(سرودە ئیسلامیەکان یاخود سرودە ئاینیەکان) چییە؟

و/ ئەوەی کە زۆر لای گەنجە خواناسەکان دەستاو دەست دەکات کاسێتی سرودە ئیسلامیەکانە، بەدەنگی کۆمەڵێ ناویان ناوە سرودە ئیسلامیەکان، کە ئەمیش جۆرێکە لە گۆرانی، وە دەگونجێت بەدەنگی تێکدەرو خراپ بێت، جا ئەمانە دەفرۆشرێت لە دوکان و تۆمارگەکاندا لەگەڵ کاسێتی قورئانی پیرۆزدا، وە لەگەڵ وتارو کۆڕە ئاینیەکاندا، جا ناونانی ئەم سرودانە بە سرودە ئیسلامیەکان ناونانێکی هەڵەیە، چونکە ئیسلام ڕێگەی سرودەکانی پێ نەداوین، بەڵکو ڕێگەی داوە بە زیکرو قورئان خوێندن و فێربوونی زانیاری بەسود، وە سرودەکان لە ئاینی دەروێشە موبتەدیعەکانە، ئەوانەی کە ئاینەکەیان کردووە بە گاڵتەو گەپ و یاری کردن، هەروەها دانانی سرود لەگەڵ ئایندا خۆ چواندنە بە گاورەکانەوە، ئەوانەی کە ئاینەکەیان کردووە بە یاری کۆمەڵ و گۆرانی و مۆسیقا، بۆیە دروکەوتنەوەو خۆ

پارێزی لەو سرودانە پێویستە، وە ڕێگری لە فرۆشتن و دەست بەدەستكردنی، سەرەڕای ئەوەی كە ئەو سرودانە هۆكارن بۆ خراپەكاری و فیتنەو حەماسەت و سەرگەردانی، شەڕو یەخەگرتن لە نێوان موسڵمانان‌دا، وە ئەوە دەكەن بەبەڵگە كە شاعیرەكان سرودیان وتووە لەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، وە ئەویش گوێی لێ گرتوون و دانی پێداناوەو ڕازی بووە، **وەڵام بۆ ئەمە**: ئەوەیە كە شاعیرەكان ئەوانەی كە شیعرو هۆنراوەیان دەوت لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) شیعرو هۆنراوەیان نەوتووە بە دەنگی كۆمەڵی و لەسەر شێوازی گۆرانی، وە ناویان نەناوە بە سرودە ئاینیەكان، بەڵكو ئەوە هۆنراوەو دروشمی عەرەبی بووە، كە دانایی و وتەی جوان و پڕ بایەخی لە خۆ گرتووە، وە وەصفی ئازایەتی و ڕێز بووە، وە هاوەڵەكان هۆنراوەو شیعریان وتووە لەبەر ئەوەی واتا دار بووە، وە هەندێك جار شیعرو هۆنراوەیان وتووە لەكاتی ئیش و كاردا كە ماندوو بونە، هەروەها كاتێك كە بەشەو سەفەریان كردووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر حەڵاڵی ئەم جۆرەیان لەو كاتە تایبەتیانەدا،

نەك بكرێت بە هونەر لە هونەرە پەروەردەییەکانی بانگەواز، هەروەکو ئێستا کە هەیە، کە گەنج و خوێندکارەکان فێری سرودەکان دەکرێن، جا پێی دەڵێن: سرودە ئیسلامیەکان یان سرودە ئاینیەکان، وە ئەوەش بیدعەو داهێنراوە لە ئایندا، لە دینی دەروێش و بیدعە چیەکانە، ئەوانەی کە سرودەکانیان کردووە بە ئاین، بۆیە پێویستە وشیار کردنەوە لەو ئاژاوەگێڕانە، وە ڕێگری لە فرۆشتنی ئەو کاسیەتانە، چونکە ئاژاوەو شەڕ بە ئاسانی دەست پێ دەکات، پاشان گەشە دەکات و زۆر دەبێت، ئەگەر دەست پێشخەری نەکرێت لە لابردن و نەهێشتنی لەکاتی ڕوودانی .

لەو فەتوایانەی کە ڕابوورد بۆمان دەر دەکەوێت کە سرودی ئـــاینی شتێکی داهێنراوەو پێشتر نـەبووە بـەڵکو تـــازە هاتۆتــە کایــەوە بەڵام ئەگەر بخرێتە قالبی شیعرەوە ئەوا پێویستە چەند شــتێکی تێدابێت تاکو لە گۆرانی حەرام جیا بکرێتەوە، ئەوانیش:

(١) دەبێت وشەو ڕستەکان ئاینی بێت .

(٢) نابێت بە دەنگی ئافرەت بێت .

(٣) نابێت بەسەر ئافرەتدا بووترێت .

(٤) نابێت مۆسیقاو زوڕناودەفو ئامێرە مۆسیقاکانی تێدابێت.

(٥) نابێت هۆکار بێت بۆ واز هێنان لە قورئان خوێندن‌و فێربوونی زانست‌و زانیاری .

(٦) دەبێت مەبەست لێی خۆ گورج کردنەوە بێت لە ئیش‌و کاردا ئەمیش کاتێك ئیشت لەسەر گران بێت.

(٧) نابێت هۆکاربێت بۆ لەدەستدان‌و فەوتانی فەرزەکان‌و ڕێگری لە کاری خراپە .

(٨) نابێت وەکو شێوازی گۆرانی خراپەکاران بێت، واتە نابێت خۆ بچوێنرێت بە وانەوە، واتە: (سەر لەقان‌و چەپڵە لێدان‌و فیکە لێدان‌و قاچ بەزەویدانان‌و ... هتد تێدابێت) .

(٩) نابێت باس لە خۆشەویستی‌و عیشق‌و دڵداری بکات .

دوو بیرخستنەوە بۆ براو خوشکی موسڵمانم:

یەکەمیان: ئێمە بۆ ئەوە دروست نەکراوین کە گۆرانی بڵێین و گوێی لێ بگرین .

ئەی موسوڵمانانی بەڕێزو خۆشەویست: ئەوەی کە دەبێت هەمیشە بیکەینە پێش چاوت ئەوەیە کە تۆ وەك گەشتیارێك وایت لەم دنیایەدا، وە دەگوێزرێیتەوە بۆ قیامەت، جا ئەو ڕێگایەش دوورو درێژو نارەحەتە، وە پێویستە توێشوو یەك ئامادە بکەیت بۆ ئەو گەشتە، لەخواردن و خواردنەوەو ڕووناکی ڕێگە، خواردن و خواردنەوەکە تەقواو لەخوا ترسی یە، وە ڕوناکی ڕێگە زانستە .

وە بێگومان خوای گەورە ئێمەی دروست کردووە بۆ عیبادەت، نەك بۆ مۆسیقاو گۆرانی وتن و گوێگرتن لێیان، هەروەکو دەفەرموێت:

﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾[الذاريات] .

واتە: جنۆکەو مرۆڤەکانم تەنیا بۆ ئەوە دروست کردون کەبەتەنیا من بپەرستن. جا تۆ بۆ ئەوە دروست نەکراوی

بـەردەوام یـاری بكـەیت و ڕابوێریـت و كـەیف و سـەما بكـەیت، بەڵكو بۆ بەندایەتی و پەیامێكی زۆر گەورە هاتوویتەتە بـوون، كە ئەویش خـوا پەرسـتیە، جـا ئایـا ئـەو پەیامـەت هێناوەتـە جێ و هەستاویت بەجێ بەجێكرجنی ئەو مەبەستە، یان ژیانی خـۆت وێـران كـردووەو لـە یـاری و گەمـەو گـۆرانی و ڕابـواردن بەفیڕۆت داوە.

دووەمیان: ئەوانەی کە گوێ لە گۆرانی و مۆسیقا ناگرن:

خـوای گـەورە لێیـان ڕازیـەو دەیـان خاتـە بەهەشـتی پـان و بەرینەوەو حۆرییەکان لە بەهەشتدا گۆرانیان بۆ دەڵێن .

پێـشەوا موحەممـەدی کـوڕی مونکـەدیر (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) دەفەرموویێت: « بَلَغَنِي: أَنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يَقُولُ يَوْمَ الْقِيَامَــةِ: أَيْــنَ عِبَادِي الَّذِينَ كَانُوا يُنَزِّهُونَ أَنْفُسَهُمْ وَأَسْمَاعَهُمْ عَنِ اللهْوِ وَمَــزَامِيرِ الشَّيْطَانِ؟! أَحِلُّوهُمْ رِيَاضَ الْمِسْكِ، وَأَخْبِرُوهُمْ أَنِّي قَــدْ أَحْلَلْــتُ عَلَيْهِمْ رِضْوَانِي »(٣٨).

واتە: بۆیان گێڕامەوە کە خوای پەروەردگار لە ڕۆژی دواییـدا دەفەرموویێت: لەکوێن بەندەکانی من ئەوانـەی نـەفس و گـوێی خۆیان پاك ڕاگرتووە لە گاڵتـەوە گـەپ و جوزەلـەی شـەیتان، ئەوانە نیشتەجێی باخەکانی بەهەشت بکەن و پێیان ڕابگەیەنن کەمن لێیان ڕازیم .

هەروەها لە نـاو بەهەشـتدا حۆرییـەکان گۆرانیـان بـۆ دەڵـێن: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: (إِنَّ أَزْوَاجَ أَهْلِ الْجَنَّــةِ لَيُغَــنِّينَ

(٣٨) بڕوانە: تەفسیری الْقُرْطُبِيّ [٥٣/١٤]، وە حادي الأرواح لابن القيم [١٧٦] .

أَزْوَاجَهُنَّ بِأَحْسَنِ أَصْوَاتٍ مَا سَمِعَهَا أَحَدٌ قَطُّ إِنَّ مِمَّا يُغَنِّينَ: نَحْنُ الْخَيِّرَاتُ الْحِسَانُ، أَزْوَاجُ قَوْمٍ كِرَامٍ، يَنْظُرْنَ بِقُرَّةِ أَعْيَانٍ .
وَإِنَّ مِمَّا يُغَنِّينَ بِهِ: نَحْنُ الْخَالِدَاتُ فَلا يُمِتْنَهْ، نَحْنُ الآمِنَاتُ فَلا يَخَفْنَهْ، نَحْنُ الْمُقِيمَاتُ فَلا يَظْعَنَّهْ)(٣٩) .

واتە: حۆرییەکان کە هاوسەری مێردەکانیانن لە ناو بەهەشتدا، بە خۆشترین دەنگ گۆرانی دەڵێن بۆ مێردەکانیان، کە هیچ کەسێك گوێی لێ نەبووە وە ئەوەی کە دەیلێن:
ئێمە باشترین ئافرەتانین، خێزانی قەومی ڕێز گیراوانین، بە چاوی ڕەزامەندی بۆیان دەڕوانین .
هەروەها لەوانەی کە دەیلێن: ئێمەین دەژین و نامرین، ئێمەین کە هێمنین و ناترسین، ئێمەین لێرە نیشتەجێین و هەرگیز دەر ناکرێین .

(٣٩) **صحيحٌ:** رواهُ الطبراني في الكبير ، و صححه الشيخ الألباني في صحيح الجامع [١٥٦١].

لە كۆتایدا: ئەوان دەڵێن و ئێمەش دەڵێین

ئەوان دەڵێن: گۆرانی حەلاڵەو بەڵگەیەك لەسەر حەرامێتی نییە !

ئێمەش دەڵێین: خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ٦ ﴾[لقمان] .

واتە: كەسانێك هەن لەخەڵكی ئارەزووی ووتەی بێ سوودن وەك گۆرانیو ئاواز، وە دەیكەن بۆ لادان لەڕێگەی خودا و گاڵتەجاڕی، ئەو كەسانە سزایەكی ئابڕووبەریان بۆ هەیە .

ئەوان دەڵێن: گۆرانی وەسیلەیە بۆ بانگخوازی !

ئێمەش دەڵێین: پێشەوا ابن تیمیة (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (كُلُّ مَا نُهِيَ عَنْهُ " أَوْ " كُلُّ مَا حُرِّمَ " أَوْ " كُلُّ مَا خَالَفَ نَصَّ النُّبُوَّةِ فَهُوَ ضَلالَةٌ)(٤٠).

واتە: هەموو ڕێگە لێگیراوێك، وە هەموو حەرامێك، وە هەموو شتێك كە پێچەوانەی دەقی فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) بێت، ئەوا گومڕاییو سەر لێ شێواویە .

---

(٤٠) بڕوانە: مجموع الفتاوى لشيخ الإسلام ابن تيمية [٣٧١/١٠].

ئــــەوان دەڵێن: گۆرانیی و مۆسیقا دڵ و دەرون فراوان دەکات!

ئێمەش دەڵێین: خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ ٢٨﴾[الرعد].

واتە: ئاگاداربن باوەڕداران: دڵکان تەنها بە قورئان و یادی خوا ئارام دەگرن و دەحەسێنەوە .

ئــــەوان دەڵێن: ئێمە گۆرانی کارمان لێ ناکات !

ئێمەش دەڵــێین: عەبدوڵلای کوڕی مەسعود (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: (الْغِنَاءِ يُنْبِتُ النِّفَاقَ فِي الْقَلْبِ)[٤١] .

واتە: گۆرانی تۆوی دووڕوویی لە ناو دڵدا دەروێنێت .

ئــــەوان دەڵێن: ئێمە تەنها بۆ کات بەسەر بردن گوێ لە گۆرانی دەگرین !

ئێمەش دەڵێین: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

« لاَ تَزُولُ قَدَمَا ابْنِ آدَمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ عِنْدِ رَبِّهِ حَتَّى يُسْأَلَ عَنْ خَمْسٍ: عَنْ عُمْرِهِ فِيمَا أَفْنَاهُ ... »[٤٢] .

---

(٤١) بڕوانە: مجموع فتاوى ابن باز (رحمه الله) [٥/٢٤٥] .

(٤٢) **صحيحٌ:** رَواهُ الترمذيّ[٢٦٠١]، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الجامع [٧٢٩٩].

واته: دوو پێی ئادەمیزاد ناترازێن لەڕۆژی قیامەتدا لای خوای گەورە تاپرسیاری پێنج شتی لێ نەكرێت: سەبارەت بە تەمەنی كە لە چیدا بەسەری بردووە .

ئەوان دەڵێن: كە گوێمان لە گۆرانی دەبێت ئاسودە دەبین و دەحەسێینەوەو گۆرانی چارەسەری نەخۆشیە !

ئێمەش دەڵێین: خوای گەورە فەرموویەت: ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلۡقُرۡءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٞ وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ٨٢﴾ [الإسراء].

واته: ئێمە لە قورئان ئایەت و سورەتانێك دادەبەزێنین، كە ببێتە هۆی شیفاو چارەسەر بۆ نەخۆشیە دەروونی و جەستەیی كان، هەروەها ڕەحمەت و میهرەبانیشە بۆ باوەڕداران .

ئەوان دەڵێن: ئێمە قورئان و گۆرانیشمان خۆش دەوێت !

ئێمەش دەڵێین: ابن القیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی:

(حُبُّ الْكِتَابِ وَحُبُّ أَلْحَانِ الْغِنَا فِي قَلْبِ عَبْدٍ لَيْسَ يَجْتَمِعَانِ)[٤٣] .

واته: خۆشەویستی قورئان و خۆشەویستی ئاوازو گۆرانی هەرگیز لە دڵی بەندەیەكدا كۆ نابنەوە .

(٤٣) بڕوانە: القصيدة النونية لابن القيم الجوزية فصل: في سماع أهل الجنة [ص ٢٣٥] .

ئـــەوان دەڵێن: گۆرانی وتن کارێکی باشەو هیچی تێدانیە !
ئێمــەش دەڵــێین: پێـشەوا ئیمـامی مالیـك (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) فەرموویەتی: (إِنَّمَا يَفْعَلُهُ عِنْدَنَا الْفُسَّاقُ)(٤٤) .
واتە: لای ئێمە تەنها خراپەکاران خەریکی ئەو کارەن .
ئـــەوان دەڵێن: دروستە پیاو گوێ لەگۆرانی ئافرەت بگرێت !
ئێمەش دەڵێین: خوای پەروەردگار دەفەرموێت:
﴿ فَلَا تَخْضَعْنَ بِٱلْقَوْلِ فَيَطْمَعَ ٱلَّذِى فِى قَلْبِهِۦ مَرَضٌ ﴿٣٢﴾ ﴾ [الأحزاب].
واتە: ناز و مەکر مەکەن لە کاتی قسەکردنتاندا، چونکە ڕەنگە ئەو کەسەی کە نەخۆشی لە دڵدا هەبێت کاریگەر ببێت بە ووتەکانتان .
ئـــەوان دەڵـێن: گۆرانیو تنو گوێگرتن لێی هۆکار نییە بۆ لەدەستدانی عەدالەت !
ئێمــەش دەڵــێین: پێـشەوا ابـنُ الجـوزی (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) فەرموویـەتی: (أَنَّ الْغِنَاءَ يُخْرِجُ الإِنسان عَــنْ الإعْتِــدَال وَيُغَيِّــر الْعَقْل...)(٤٥) .
واتە: بەڕاستی گۆرانی مرۆڤ لە میان ڕەوی دوور دەخاتەوەو بیرو هۆشی دەگۆڕێت .

(٤٤) بڕوانە: تەفسیری الْقُرْطُبِيّ[٥٥/١٤] ومجموع الفتاوى لشيخ الإسلام ابن تيمية[٣٢٦/٢٠]، وە إغاثة اللهفان لابن القيم [٢٢٧/١]، وە تلبيس إبليس لابن جوزي [ص ٢٠٥].
(٤٥) بڕوانە: تلبيس إبليس لإبن الجوزي [ص ٢٠٩].

ئــــەوان دەڵــێن : گـۆرانی ووتـن كردنـە پیـشەو كـرێ لەسـەر وەرگرتنی دروستە !

ئێمـــەش دەڵـــێین : پێـشەوا ابـن تیمیـة (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) فەرموویـەتی: (نَصْبُ مُغَنِّيَة لِلنِّسَاءِ وَالرِّجَال: هَذَا مُنْكَرٌ بِكُلِّ حَالٍ؛ بِخِلَاف مَنْ لَيْسَتْ صَنْعَتُهَا وَكَذَلِكَ أَخْذُ الْعِوَضِ عَلَيْهِ)(٤٦)

واتە : دانانی گۆرانی بێژ بۆ ئافرەتان و پیاوان: ئەمە بەهەموو شێوەیەك مونكەرە، بە پێچەوانەی ئـەو كەسـەی نەیكردۆتـە پیشە، وە كرێ لەسەر وەرگرتنیشی كارێكی مونكەرە .

وَصَلَّى اللَّهُ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَآلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّمَ

م. أبوبكر أحمد

٢٧/ مُحَرَّمْ /١٤٣٢ كۆچی

٢/ ١/ ٢٠١١ زاینی

(٤٦) بڕوانە: مجموع الفتاوى لشيخ الإسلام ابن تيمية [٢٩/٥٥٣].

گرنگ ترین سەرچاوەکان

١- القرآن الكريم .
٢- تفسير السعدي .
٣- إغاثة اللهفان من مصائد الشيطان، لابن قيم الجوزية .
٤- ذم الملاهي لابن أبي الدنيا .
٥- تلبيس إبليس، لأبي الفرج ابن الجوزي.
٦- تحريم آلات الطرب للشيخ محمد ناصر الدين الألباني .